# ئیپۆسی هەرەس

مەهاباد قەرداغی

لەوێوە نامەی چرچم پێ دەگا،
لۆچەکانی پڕن لەو گوناهانەی
ساواکان بەدەم گڕوگاڵە خوایەکانیانەوە
لەسەر زەمینە میناوییەکانی مێژووی وەهم و
لەسەر لێوارە زاماوییەکانی هۆشدا دەیانکەن
ئەو گوناهە جوانانەی. . کە سزاکانیان شەرمەزار کردووە!
ئەو گوناگە نازدارانەی. . کە عەشقیان ماندوو کردووە!
لەێوە. .
لە ناونیشانە نادیارەکانی سەر نەخشەی وەفاوە
لە ئەکتەرە کۆمیدیەکانی سەر شانۆی ونبوونەوە
نامەی قژ درێژی ئاڵۆزکاوم پێدەگا،
پڕن لە ڕاپۆرتی پرشنگداری تاوانی جوان جوان!!
پڕن لە بۆنی ئیپۆسی هەرەس!!!
ئەو تاوانە ڕازاوانەی کە تەرازووەکانی هیوایان لار کردووە!
نامەکان پڕن لە زەنگ،
زەنگی کۆتایی هاتنی وانە پرچ خاوەکانی ڕووناکی
زەنگی ئاوابوونی ژییریی
ئەو زەنگە نەخۆشانەی کە بیریان پییر کردووە!
هاورێ چیاییە، دەریاییە، شارییەکانم
بە دەم خەوێکی موگناتیسییەوە،
نامەی یەکجار کراوەم بۆ دەنووسن
یەکجار سادە،
لە بەرەکانی جەنگەوە. . نامەی خۆشەویستیم بۆ دەنووسن
جەنگی نێوان گوناە و، گوناە
جەنگی نێوان سزا و، سزا!!
منیش لێرەوە. .
لە پاڵ دارژاڵەیەکی سەرسامی ڕچیوەوە
زام و، گوناە و، سزا و، تاریکی و
ژانی ڕەنگینی ئەوان دەخوێنمەوە و،
ڕۆحی خۆم بە لقێکی تاڵەوە گرێ دەدەم
لێرە. .
هەموو شتێ،

www.kurdistannet.org
4-2-2003 0:18

بەفرە ژەنگاوییەکان، ماچە دوکەڵاوییەکان، لقە قاوەییەکانی ژەنگ
هەموو شتێ،
ئەوێی ڕابردووی مەرگامێز و،
ئێستای دۆزەخی و،
سبەینێی شەوەزەنگیم بیر دەخەنەوە.
لەوێ،
خۆرێکی سەرابی هەڵدێ
تیشکێکی قەترانی،
ڕۆشناییەکی ڕەش
لەوێ هەنگاوە زیکزاکییەکان
ئیپۆسی هەرەس دەنووسنەوە،
ئیپۆسی هەرەس!!!
. . .

سێپتەمبەری ١٩٩٥

**تێبینی کوردستان نێت**:
مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.
ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسیتێکدا دەنووسرێت.........  ١٥-١-٢٠٠٣